KURDISTAN FREDS FORENING
Komeleya Aştîya Kurdistn

# كۆمەڵەیی ئاشتی كوردستان
## جمعية السلام الكوردستانية

---

## بەیاننامەیی كومەڵەیی ئاشتی كوردستان لەنەرویج بەبونەی كارەسا تە تیرۆرستیەكەیی 2005 .11 .18 شاری خانەقین

بۆ/گەلانی خۆراگری كوردستان
بۆ/ كەس وكاری شەهیدان
بۆ/ جەماوەری شاری خانەقینی خۆ ڕاگر
بۆ/ ئاشتی وئازادی خوازانی جیهان
ب/ پرسەو سەرەخۆشی وئیدانە

بەناوی هەموو دۆست وئەندامەكانی كۆمەڵكەمان كومەڵەیی ئاشتی كوۆدستان لەنەرویج زۆربەتوندی ئیدانەیی ئەوكارە تیرۆرستیانەیی رێكەوتی 2005 .11 .18 كە لە دوو مزگەوتی شاری خانەقینی دژ بەگەلی كورد وخەڵكی سفیل (مەدەنی) ئەنجام دران.
ئەم تاوانە دژبەگەلی كورد ومرۆڤایەتی یە وكارێكی ترسوناك هۆڤانەیە، وە بەم بۆنەیەوەپرسەو سەرخۆشی خۆمان رادەگەێنین بەگەلەكەمان بەگشتی وبنەماڵەو و كەس وكاری شەهیدان بەتایبەتی وهێوایی سەلامەتی وچاكبوونەوەی زوتر بۆ بریندارار دەخوازین، تێرورستان وهێزەكانی تاریكستان وشەمشەمە كوێرەكان وەك پیشەیی هەمیشەیی خۆیان دژبەگەلی كورد وهێز وكەسایەتی ولآت پارێز وپێشكەوتن خواز كاری درندە وهۆڤانە ئەنجام دەدەن، بەلآم دڵنییاین كە ئەوان خەیاڵیان خاوە وەگەلی كوردمان خوراگرە وچەقلی چاوی هێزەكانی تاریكی وهێزەپاشكەوتووەكانە وئەم كردەوەیەش ناتوانیت بارودوخی كوردستان تێكبدات بەڵكو دەبەتێ هۆیی پەلەكردن لەڕامالینی ئاسەواری تەعریب لەكوردستان. وئێستا گەلەكەمان سەركێشی دیموكراسیەت وپێشكەوتنە لەرۆژهەلآتی ناوەراست وەلەپێناوی بەرگری لەمافەكانی خۆیی وەپاراستنی دەستكە وتەكان ئامەدەیی هەموو قوربانییێكە وەسەركە وتنمان بەخوێنی شەهیدانمان نوسیووەو وئامادەیی وجانفیداییمان بەردەوامە لەپێناوی سەقامگیری وئاشتی وئازادی ومافەكانی گەلانی كوردستان.

پاراستنی ئەو دەستكەوتانە ئەركی هەمووومانە.
شەهیدان بابنەهاندەری یەك هەڵوێستیمان

14:29 19-11-2005 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

بەلێ بۆ سرینەوەیی ئاساواری تەعریب
نەمری بۆشەهیدان، ساخبۆنەوە بۆ بریندااران، سەبووری ویەك هەڵوێستی بۆ گەلی كورد
بەڵێ بۆئاشتی ویەگرتن، نەفرەت لەشەر وشەرخوازان وتیرۆرستەكان وداگیركەران وهاوكارانیان.
نەفرەت لەتیرورستان وهێزەكانی تاریكی ودوژمنانی ئازادی ودیموكراسی
هەرسەركەوتووبن بۆ خزمەتكردنی گەلانی كوردستان

بێكەس بەرواری
كۆمەڵەیی ئاشتی كوردستان
2005 .11 .19 / نۆروێژ /

---

Kurdistan Freds Forening i S□r Tr□ndelag
Postboks: 272 7402 Trondheim
Telefaxf. nr:- 0047 73918558. Mobil:-0047 45603941
bekesmayn@yahoo. no